# راگەیاندنی کۆبونەوەی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان، بە ئامادەبونی دەستەیەك لە سەرکردایەتی دێرنی حزب، و چاودێری ناوەندی، و دەستەیەك لە کادیری بواری کاری سەرکردایەتی ، لە 2007/11/29دا لە چوارچێوەی کۆبونەوە تەرخانکراوەکانی بۆ ئامادەیی وخۆسازدان بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرەی حزب، کۆبونەوەیەکی نوێی بەست.

لە کۆبونەوەکەدا پرۆژەی راپۆرتی دەرنجامی کاری دەستە سەرکردایەتییەکان و رێکخستن و دەستە تایبەتمەندییەکانی حزب، خرایە بەر باس ولێکۆلینەوە، و بە گیانێکی زانستی و رەخنەگرانە بوارە جیاجیاکانی کاری دەستە ورێکخراوەکانی حزب و چالاکییەکانیان لە ماوەی نێوان دوو گۆنگرەدا، گفتۆیان لە سەرکرا، و کۆمەڵێك تێبینی گرنگ، و بیرۆکەی نوێ بۆ دەقی پرۆژەکە زیادکرا، و تیایدا ئاماژە بۆ گرنگی جەختکردن لەسەر خاڵە ئیجابییەکان، و چارەسەرکردنی لایەنی کەموکوری کارەکان کرا، و پێداویستی پیادەکردنی میکانیزمی گونجاو و نوێخوازانە لە تێکرای بواری کارکردن، خرایە روو.

کۆبونەوەکە گفتوگۆیەکی درێژخایەن و هەمەلایەنەی ئەنجامدا سەبارەت بەو شاڵاو و هێرشە ناڕەوایەی کە لە لایەن هەندێ دەزگای راگەیاندنەوە دەرهەق بە سیاسەتی حزبمان وهەندێ ئەندامی سەرکردایەتییەکەی ئەنجام دەدرێ. کۆبونەوەکە تێکرای ئەو پروپاگندە و هێرشانە کە هاوکاتە لە گەڵ کاری خۆئامادەکردنی حزبمان بۆ بەستنی گۆنگرەی خۆی، رەتدەکاتەوە.

هەروەها لە کۆبونەوەکەدا کۆمەڵێك بریاری پێویست سەبارەت بە کاری ئامادەیی بۆ کۆنگرەی حزب وەرگیرا، و کۆمیتەی ناوەندیش لە کۆبونەوە یەك لە دوای یەکەکانی خۆی بۆ ئامادەکردنی تێکرای بەڵگەنامەکان و راپۆرتی تێبینی رێکخراوەکانی حزب و هاورێیان ودۆست ولایەنگران سەبارەت بەو بەڵگەنامانە، بەردەوام دەبێت، تاکو لە کاتی دیاریکراودا کۆنگرەی حزب ببەسترێت.

کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان
2007/11/29